# جیهانە بچکۆلانەکەی دایکم

بەختیار کەریم




**بەو ژنە پێشکەشە کە سەرکردە، مامۆستا، هاوڕێ و دایکمە.**

نیشتیمانێکم هەیە سینەی بۆ چنگی دوژمن لە سینەی سۆزانییە مەمک بەرزەکان بۆ مشتەریە بەخشندەکان ئاوەڵاترە، هەرچی دڵیەتی لە پشت ئەو مەمکانەی بەدەستی جەلادەکان دەگوشرێن وەک بەردی دۆزەخ ڕەقە.

چ موعجیزەیەکە نیشتیمانەکەم توورتترین جووتە مەمکی هەیە
و ڕەقترین دڵ؟

نیشتیمانەکەم هەمووساڵێک وەک مشکی شفتەژێ کردوو

هەزاران جار سکەزا دەکات

نیشتیمانەکەم ملیۆنەها کوڕی هەیە و تاقە یاک کچ نا

**(بەشێک لە قەسیدەی سۆزانی)**

# چاوەڕوانینامەی ژنێک

ژنێک دەیەوێت لە بەهار بڕوانێت و
خۆی وەک گوڵشەن دەژاکێت!
دەیەوێت دەست بە ئاوی حەیاتەوە بگرێت
تا عومری باخچە درێژتر و تا لێوی دێراو تەڕتتربێت
بەڵام خۆی وشک دەچێتەوە و تەمەنی هەڵاڵەی بەباچووە!
دەخوازێت وەک مار بەهاران ڕووت ببێتەوە و
هەر وەرزەی کاژێک فڕێبدات، کەچی بە پۆشتەیی ژان دەیگرێت!
ئەم ژنە سەدەیەکە دەژی و وەرزەکان ناگۆڕێن
ژیان ڕازی نیە ئیقاعی خۆی لەسەر خواستی سەما بگۆڕێت
سەما ڕازی نیە لە سنوورەکانی جەستەدا بجمێت
قەتێ بە بەرتیلیش گریانەکانی
لەگەڵ تەهلیلەی دەروێشی شۆڕشە باڵکراوەکاندا ڕێکناخات
کالیپتۆس نە بە ماچی سنەوبەر و نە بە پاڕانەوەی تاڵی ژاڵە
لە کەلی شەیتان نایەتە خوارێ و
وەک شۆڕەبی بۆ شنە شەرمنەکانی نیشتیمان ناشنێتەوە.
دارخورما بەدبینەکانی ئەم بیابانە شینە
گوێ لە نزای نارنجە سووتاوەکان ناگرن و
سێبەرە قوچەکانیان بە موسافیرە زەنگینەکان بە کرێ دەدەن

ئەم ژنە تاسەدەکات ڕێساکانی گەردون کەمێک میهرەبانتربان
پەپولە لە سێدارە نەدرایە
هەر تەنها لەبەرئەوەی ڕەدووی نەورەسێک دەکەوێت
یان ماچی دڕکێک دەکات کە ڕقی لە تیژیی خۆیەتی
ئارەزوویەتی کیژەکانی ئەم نیشتیمانە هێند سەنگدڵ نەبوونایە
تا کوڕە کاکۆڵزێڕینە بەهرەمەندەکان
بەرگەی ژانەکانی دووری و ئەڤینیان بگرتبایە
ئومێد دەکات گەمەکانی عەشق و سووتانەکانی دۆزەخ بڕێک ساناتربان و
خوا دەستی وەرنەدایەتە هەموو گەورە و بچوکێکی ژیانەوە

ئەم ژنە میهرەبانە سەدەیەکە لە شەو دەپاڕێتەوە
ئاسمان تورەنەکات و دڵی زەوی نەڕەنجێنێت

نەبادا جامی دەستی ئەم ساقیە بەدانە بەسەرماندا قلّپببنەوە
کە لێوان لێون لە نووری پرچی ئایەتە وەنەوشەییەکانی تاریکی
تکا لە نیشتیمان دەکات شەوانە خوار نەخەوێت
نەبادا گەردنی وەک گەردنی گوڵەبەڕۆژە کەچبێت
کەچی نیشتیمان لارەمل هەر سوبحەی
لە زۆڵە خۆرێک دەپارێتەوە تا تەوێڵی گەرم دابێنێت!

ئەم ژنە میهرەبانە لە گوڵ دەپرسێت
گوڵە! ناکرێت ڕۆژێک زیاتر لێرە بیت؟
تا ئەم پەپولانە  لە ئاسمانی ڕوانینماندا نەڕەوێنەوە
تا ئەم نەورەسانە لە خەونی باڵگرتنمان تەرەنەبن
بە ئاو دەڵیت: دەستی چرچولۆچم دامێنی سورمەی تەڕی کراسەکەت
ئەم ڕەشەرێحانەیە خراپ تینووە، ماچێکی عەتری تینووێتی بکە
بە نەسیم دەڵێت: چی دەبوو گەر ئەوەندە بزێو نەبایت و
کەپوی نیشتیمانت تژی بکردایە لە بۆنی مێخەکی
ئەم باخچە هەڵواسراوانەی چارەنوسمان!
یان تۆوی ئەم هەڵاڵەی حوزنانەت لە باکورەوە بۆ باشور و
لە خۆرهەڵاتەوە بۆ خۆرئاوا ببردایە؟
بە مۆر دەڵێت: چیتر غەدر لە پەمەیی مەکە
بیناییم لێڵە و حەوسەڵەی ناوبژیی ڕەنگم نەماوە
بە سەفەر دەڵێت:
بۆ ئەلێی خوێت تێکراوە تاکەی لە ووڵاتگەڕی ناکەویت و
لێناگەڕییت نیشتیمان پشوویەک بدات؟

ئەم خانمە هەنگویندڵە سەدەیەکە لە جادوگەرێک دەگەڕێت
تا تەلیسمی خنکانەکانی نیشتیمان بەتاڵ بکاتەوە
وێڵی دوای قاوەگروەیەکی لێزانە تا بەختی سووتماکی نیشتیمان
لە بنی فنجانی ڕەشی قاوەی بەدبەختیدا بگرێتەوە
سەدەیەکە لە گێژەکانی سەروپرچی نیشتیمان دەڕوانێت
تا بزانێت ئایا نیشتیمان مەحکومە بە ڕەبەنیەکی جاویدان؟
سەدەیەکە و ئێوارە نیە قورقوشم بەسەر شکستە شورشێکدا نەتوێنێتەوە
ترس و فێڵی سەرکردەیەک دەرنەکات
کە بەدەم خەوەوە و بە زریکەیەک ئاشبەتاڵ لە شۆڕش دەکات

عومرێکه له ناخوداکان دەپاڕێتەوه پێیبڵێن:
نیشتیمانیان له کام دوورگەی خەیاڵ دابەزاند؟
داوێنی قاچاغچیه دەستبرەکان ڕادەموسێت و دەپرسێت:
له کام بیابانی بێ سەراب به تینوویێتیتان سپارد؟
نوێژ بۆ خودا دەکات تا پێیبڵێت:
نیشتیمانی له کام بەهەشتی بێپاداشت به سێوێکی بێتام تەفرەدا؟

ئەم ژنه لادێیه که سروودی ئەی ڕەقیبی ئەزبەر نیه!
هەزاران هێندەی سەرکردەیەکی پاشەڵپیس
که ڕۆژی دەیان جار ئەی ڕەقیب دەڵێتەوه نیشتیمان پەروەرتره!
ئەم ژنه جوتیاره که له ناو دێراوه توتندا ژاندەیگرێت و
خەیاڵی هەر لای نیشتیمانه
بەدەم ڕنینی قۆخ، تەکاندنی گوێز و چەپککردنی نێرگزەوه
کۆرپه له داوێنی دەکەوێته خوار و هەر له خەمی شۆڕشدایه
له هەموو پیاوه ورگزله شۆڕشگێڕەکان به ئەمەکتره
ئەم ژنه ڕەشپۆشه که له هەموو شۆڕشگێڕه گۆرهەڵکەنەکان
شەهید دۆستتره
دەیان شۆڕشه له وڵاتێکدا که قەبر له کڕین نایەت!
تەرم هەڵدەچنێت و هەر چاوەڕیی گەڕانەوەی نیشتیمانه
تا پێکەوه به خاکیان بسپێرن

له نیگاکانی مەڕوانن!
بینایی ئەم خانمه تێکۆشەره سیخناخه به تەرمی نەنێژراو
لێوان لێوه له مەرگی نەباریو
تژیه له شکستی ئاینده
له نیگاکانی مەڕوانن!
گەر ناتانەوێت وەکو ئەو سەدەیەک
له چاوەڕوانی نیشتیماندا بەسەر بەرن
له نیگاکانی مەڕوانن!

ئای خانمی شەکرەدڵ ببینه چیت به خۆت کرد!
سەدەیەکه چاوت له ئاسمان بڕیوه و
ئەستێرەی بەختی نیشتیمان هێشتا ئامەدەنیه بۆ کشان

سەدەیەکە گوێ قوڵاغی کەناریت تا سترانی سەرکەوتنت بۆ بچڕێت
کەچی ئەو تازە بە تازە گەرووی شکست پاکدەکاتەوە
تەمەنێکە مانت لە بۆنی جەستەی پیاو،
هەناسەی شۆڕەبی و هەڵکردنی بۆی گوڵەمێخەک گرتووە و
چاوەڕێیت نیشتیمان بێت و بەرامەی خۆڵە تەڕەکانی هاژەبکاتە سییەکانتەوە
سەدەیەکە خەزێمی هیچ زێڕەنگەرێک و
لوتەوانەی هیچ تەڵافرۆشێکت لە کەپوت نەناوە و
بەتەمای نقێمی چاوەکانی نیشتیمان و مرواری چەمەنزارەکانی وولاتیت

تەماشا خانم سەدەیەک ڕاگوزەر دای بەلاتا و
هیچی پێ نەبوو بە نیگەرانی چاوەڕوانیەکانتی بڵێت
سەدەیەک کشا و تۆ هێشتا تیتۆڵی جوانیەکانی خۆتت
لە تەنافی چاوەڕوانی نەکردۆتەوە
هێشتا جحێڵیت لە ئاتەشگای دڵی پیاوێکدا سەرخەوێکی نەشکاندوە
هێشتا چاوی مندالێت لەو دیو دەرگاکەوە وشکنەبۆتەوە
کەچی پیری لەم دیو خیزە خیزی سنگی دێت
خرنگە خرنگی پڵپڵە و لاگیرەکانی زەمەن قەتڵوعامی هەرزەکاریت دەکەن و
تۆ مینای جریوەی بە خۆڵبووی نیشتیمان کۆدەکەیتەوە

سەدەیەکە و تۆ ئێجگار بە ماریفەتەوە
دەستت بۆ سەرکردەکان وا بە سنگتەوە و
ئەوان هەر ڕۆژەی نیشتیمانەکەت لە ژێرزەمێنکدا لاقەدەکەن
سەدەیەک گوزەشت و قاسیدێک نامەیەکی نیشتیمانی بۆ نەهێنایت
تا مەلای گوند بە حونجە بۆت بخوێنێتەوە
عاریفێک نیە و خەونێکتی پێ تەفسیر بکرێت
کە بە ئایندەی نیشتیمانەوە دەیبینیت

فڕی فڕی سەدەیەک فڕی
سەدەیەک وەک بارەکەو فڕی و
تۆ هێشتا دەستی گەمەت بۆ ئاسمان بڵندکردۆتەوە و
دەڵێیت: ئەوە ڤینۆسی جوانیی نیشتیمان ئەمشەویش هەڵنەهات!
سبەینێ لەژێر هەمان گەواڵە هەور و لەهەمان کاتی خۆرکەوتن
چاوەڕێی زوهرەی خەونی وەتەن دەکەین
هەر دێت بۆ کوێ دەچێت هەر دێت!

گەر عومر باقی بێت هەر دێت
سەدەیەک باڵی پەژموردەگیی دەرکرد و ژاکا
تۆ هێشتا چاوانت بڕیوەتە بنباڵی پەپولە و
لە خۆت دەپرسیت چ نهێنیە کە ئێمە نافڕین؟!
چ سیزیفێکین ئێمە بە چاوەڕوانی نیشتیمان سزادراین؟!
پێمبڵێ ئەی چاوەڕوان گەر من ئۆدیبێکم
چاوەکانی خۆم لە کام حەرامەخەوندا هەڵکۆڵین؟
گەر من نەفرەتیترین بۆرەپیاو و چۆپیکترین* ڕەشپێستم
لە دڵی کام تاریکی و لە کام وێرانەخاک عەقڵم ڕژا؟
پێمبڵێ خانم ئایا منیش وەکو تۆ مەحکومم بە سەدەیەک چاوەڕوانی و
نیشتیمنانیش بە نەهاتن؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟

ئەی باوەشێک لە گڕ و ئامێزێک پڕ لە پشکۆ
سەد ساڵ بە دەم خۆشە لە ئەستێرە ڕوانین
لە وولاتێکدا ئاسمانێک نیە بۆ حەقیقەتی تەماشا
لە وولاتێکدا ئەوەندەی کونی دەرزیەک بۆشایی نەماوە بۆ بینین
سەد ساڵ نووسینەوەی یاداشتە تەڵخەکانی تاریکی
گێڕانەوەی خەونی شەمشەمەکوێرە بێدارەکان و
سەد ساڵی ڕەبەق کەم نیە بۆ چنینەوەی زەنگیانەی ئەشکی ڕژاوی نیشتیمانێک
کە نەماڵێکی هەیە بۆ گریان و نە چاوێک بۆ ئەسرین ڕشتن
هۆنینەوەی کەزیەی وەتەنێک
کە لەگەڵ لەدایکبوون پرچیان لە بێخ دەرهێنا
هەر بەدەم خۆشە باغەوانی باخچەیەک بیت و
بۆی بەیبوون لە خۆت حەرام بکەیت
گوڵنارێک بەرەدەرگا بە باغچەت نەگرێت
کوکوختیەک لەسەر منارەی ئیمانت لەنگەرنەگرێت
ئەستەمە گوێنان بە دڵی پارە پارەی بێدەنگیەوە لە وولاتی ژاوەژاودا
سەختە ئێجگار سەخت سەد ساڵ هەنگ بێت و
هەڵاڵەیەک هاورێت نەبێت و پاتۆنیا ماچێکی تەڕت نەکات!

---

***چۆپیک: کەمهۆش یان گەمژە**

# تووڕەبە ئەی چاوەڕوان

تووڕەبە ئەی چاوەڕانتر لەو تارماییانەی
خوێنی کات لە چاوەڕوانی (گۆدۆ) دا دەڕێژنە
دەفری نیگەرانیی زەمەنە وەڕسەکانەوە
تووڕەبە گەر تۆ پەلەت نیە و
بەکاوەخۆ لە مەلەی کازیوە دەڕوانیت لە چەمیلەی گزنگدا!
ئەوا زەمەن بۆ ڕۆچوونێک ئارامی لەبەرهەڵگیراوە و
چنگ لەسەر شان ڕاوەدووی زەردەپەڕی خەندەی نیشتیمانت دەنێت
تۆ چۆن ئارامت لێهەڵناگیرێت ئەوە سەدەیەکە
پۆشتە و پەرداخ لە سێبەری شکاوی شەو ورد دەبیتەوە
کاتێک خۆی بۆ شەونوخونی شاعیرێک ڕووت دەکاتەوە
کەچی شیعرێک ناتنوسێتەوە قووڵ وەک تێڕامانی شەو

کۆڵوانەکەت لە کۆڵ بکەرەوە و یەکەم هاوارت بکە ئەی چاوەڕوان
من لەم دوورەوە دڵم وەختە بە بێدەنگیت بتەقێت
ڕەنگێک بڕێژە مەیلەو شەرابیی و کاسی تووڕەبونێک فڕکە
با خودا تێبگات کە تیسکی ڕۆحی ئارامییش
وەک کولکی دڵی ئینسان دێتە پسان
چاوی چاوەڕوانیت بە کلی گریان مەڕێژە
ئێستا باوی تووڕەبوونە نە گریان
کە هەرگیز وەک گوڵەبەڕۆژە پڕ نابیت لە زوڵمەتی نیگای خۆر
لاسکی ئەم سەبرەت بقرتێنە ئەی مێینەترین ئەیوب
دەهرییە و لە قریشکەدا بڕوخێ وەک وشکەکەڵەک
با بەسەریا بڕژێت جامی تەحەمول و پیاڵەی سەبرت
تووڕەبوون لەت و پەت بکە
سیگاری دەهری بوونێک ڕۆشنکە
لە سەدەیەک قووڵتر نەفەسی لێبدە و
دوکەڵەکەی پفبکە ڕووخساری ئەسپە چەمووشەکەی نیشتیمان

## وەتیرەی ژانگرتنی ژنێک لە زاری کوڕەوە

ئەو شەوی سێشەممەی بەفر و خوێنە
جەنگ وەک کزبایەکی تاڵ هەڵیکرد
تۆش لە پشتخانی ماڵی کاکەلاوی سوارچاکتا
ژان بووە پەلکەزێڕینەی شەوی بەفر و
شەوی شەلاڵ بە خوێنی شۆڕشی خەونە بچکۆلانەکانی نیشتیمان
ئەو خەونانەی نیشتیمانی بێ لانە
نە ژێرخانێک نە سەرخانێکی شک نەدەبرد
لە سایەی نسرمیا
شەوێکی شەهوانی بیانبینێت و سپێدەی داهاتوو
بە داوێنی مەلای گوندێکا ڕاموسێت
تا تەفسیری خێریان بکات
بەو سێشەممەی مەرگ و بەفرە
بەو سێشەممەی قوربانە
ژانێک ژاڵەیی تاڵ
وەنەوشەیی خەمبار
نەورەسیی نیگەران
کیسەڵیی خەمسارد
لە سێشەممەی بەفرەوە
بۆ سێشەممەی هەرەس
بالآی گوندی داگرتیت و
رۆحی شاری تەنیت
لە سێشەممەی باراشی کۆنوێژەوە
بۆ سێشەممەی ئاشبەتاڵی خوا
ژانی قولنگێکی لە پۆل جێماو
ژانی پەپولەیەکی بەهار نەدیو
ژانی ژنێکی لاقەکراو
ژانی نیشتیمانێکی جێهێڵراو
ژانی تەپۆڵکەیەکی بۆردومان کراو
خزایە هەناوتەوە
ڕۆچووە گیانتەوە
ژان بووە نەهەنگی زەریای وشکی حەزەکانت

بووه شەهێنی باڵکراوی نیگا شەرمنەکانت

بمبەخشە بە ئاهی حەسرەتەکانت بمبەخشە
نابینابووم نەمدیت جەستەی ژانگرتووت سمکۆڵانی مەرگی بوو
لە چاوەڕوانیی بوونێکی نەگریسدا کە ناویان لێ نا _من_
کەڕ و کاس بووم نەمبیست
چ هاوارێک بوو ژان
چ زریکەیەک بوو ژن بوون
چ چیرۆکێکی پۆشتە بوو ڕاموسان
بمبەخشە مامۆستا بە نەزانی حەرف و نابەڵەدی وشەت بمبەخشە
نەخوێندەواری ڕێینەدا
خشتەی لێکدانی ماچ ئەزبەربکەم و
هاوکێشەی مینرێژکراوی عەشق شیکاربکەم
بێسەلیقەیی بواری نەدا مسودەی یەکەم شیعرەژان و
پاکنوسی دوا ڕۆمانەژانت موتاڵابکەم

## نزاکانی پیاوبوون لە مناڵی

پیاوبوون وەک ژەهراویترین بەهرە و
شەڕانگێزترین دەسەڵات مۆڵەتی نەدا
مناڵانە لە ژن بوون ڕابمێنم
پیاوبوون هەر زوو ووتی:
شەرمەزاریە مناڵیی لەم خاکە بەپیتانەی گەورەییدا
خەجاڵەتیە گەمەکردن لە ووڵاتی پیاوە مەردەکاندا
ئابڕووچوونە لە ئاسمان ڕوانین لەو پێدەشتە نزمانەی مناڵییەوە
بێحورمەتیە وازیکردن لەگەڵ ئەم شەبەنگە مێچکانەدا
شوورەییە گەورەبوون لە ئامێزی ژندا  لەم جەنگستانەدا
ڕووڕەشیە ڕاکردن بەدوای پەپولە سپیەکاندا لەم خاکە سوورانەدا
پیاوبوون فەرمووی: وەرە و کۆڵانی خەونە گرگنەکانی مناڵی جێبهێڵە
وەرە و گەمە بەم شمشێرە تینووانە بکە
چیت داوە لە شێرەبەفرینە و وانەی نیگارکێشان
ئەوە پیاوەتی: سەرقاڵی سەربڕینی دەرەختە بەهەشتیەکان بە

هانێ جەبەروت: سەرمەستی کۆشتنی شەونم بە کاتێک لە پەڕەی گوڵدا دەنوێت
بگرە خەنجەر: زمانی درێژی ئەو نەسیمە سەرمەستە ببڕە کە گۆرانی بۆ ئاو دەچڕێت
هانێ جەربەزەیی: بۆ لە خاچدانی ماچ بەر لە یەکەم لێونوێژ
ئەوە سروود: چەهچەهە لە سیپەلاکی کەناریە عاشقەکاندا خەفە بکە
فەرموو تفەنگ: تا بتبینم چ جەنگاوەرێک و چ پیاوکوژێکیت

بمبەخشە بمبەخشە
بە ژانی سەدەیەک درێژت بمبەخشە
من لەودیو دەنگەژێکانی ئازارەوە
سەمام بۆ هەژانی جەستەت دەکرد
لەپشت قەهری ژنبوونتەوە گۆرانیم
بۆ غووروری باوکێک دەچڕی
شەرمی دەکرد لە سیمای نیگەرانیت بڕوانێت
بمبەخشە بە باڵای کلۆمدراوی شۆڕەبی جەستەت بمبەخشە
من بە گریانت دەتریقامەوە
کاتێک تۆ بۆ یەکەم دۆڕانم شیوەنت دەگێڕا
بمبەخشە من هەر زوو لە ئارامیی پێکەوەبوونمان وەڕسبووم
هەرگیز تامی ژانی لیکترازانی جەستەمانم نەچەشت
هەر زوو کۆڵانەکانی ئامێزتم گۆڕیەوە بە شەڕگەکان
ئەندازیارە بچکۆلەکەم کوشت بۆ سەرکردە دلێرەکان
جا نازانم خەتای من بوو، باوک یا نیشتیمان
ئیتر نازانم کەمخوێنیی من بوو یان چاوسووریی باوک/سەرکردە

## کاتێک دایک و مامۆستا یەکن!

وای مامۆستا وای
چ نێرینەیەکی نەخوندەوار بوو ژان
چ ڕەوەندێکی زرتەبۆز بوو لێکترازان
لێکترازانی من و جەستەت
شوڕش و نیشتیمان
باوکم و خوا
فڕین و باڵ

ئەڤین و خەیاڵ
مامۆستا ئێستاشی لەگەڵدابێت
من بیردۆزی ئەم لێکترازانانەم بۆ پاسادان ناکرێت
کێماگەرێکی گەوج نیە بێت و
هاوکێشەی ئەم ژەهرەژانەم بۆ شیکاربکات، کاتێک نیشتیمان هەناسەی توند دەبێت
دەریاوانێکی مەست نایەت و نهێنی بیاباندۆستیی نەورەسم بۆ ئاشکرا بکات
گوڵچنێکی بەهرەمەند ڕێی ناکەوێتە ئێرە و
تەلیسمی دڵڕەقی نازناز و بێپەروایی ئەرخەوانم بۆ بکاتەوە
گوڵفرۆشێکی قۆشمە لە هیچ باخچەیەکەوە سەردەرناهێنێت و
گوڵە پەژموردەکانی خۆیم بەسەردا ساغ بکاتەوە
چ خەراباتێکە ئێرە مامۆستا! باخچەکان ڕازینین گوڵبگرن و
کەسیش خەرمەنی گوڵ بە پوولێک ناکڕێت؟
چ سەفەرنامەیەکی ناقۆڵایە یادەوەری نیشتیمان، نیشتیمان موسافیر و
شۆڕش موسافیر و ئێمە کۆچەریی
خواش هەرگیز ماڵ ناکەوێت؟
چ وەخت و سەعاتێکە مامۆستا، زەمەنە بییژیەکانی چاوەڕوانی
تیک تاک لە گەروویاندا نەماوە؟
مامۆستا ئێستاشی لەگەڵدابێت
سەری کاسم لەم سەفەرە بێ وادانەی نیشتیمان دەرناچێت
کە بەیانیان تاریک و لێڵ وەک کاروانچی دەڕوات و
نیوەشەوانێک درەنگ وەک چەتە خۆی دەکاتەوە بەماڵدا
کە زەردەپەڕ وەک گوڵەبەڕۆژەی لارەمل ڕوو لە ئاسمان لە خۆر دەپارێتەوە و
خۆرئاوا ئاودیوی کەلەپۆی تاریکی و ژاکان دەبێت

مامۆستا تۆ بڵێی چێشتەنگاوێک بێت و وەکو جاران
نیشتیمان نان و دۆیەکمان لەتەکدا نۆش بکات
بڵێی کاکێشانێک بێت و نیشتیمان وەک جاری جاران
گاە چوون نەیزەک بکشێ و گاهێ وەک گوڵئەستێرە بدرەوشێتەوە
مامۆستا بڵێی ئێوارەیەک بێت و
لە ئاسمانی بێدەنگیەکی ئیلاهیەوە
کۆتری حوزنەکانی تۆ و نیشتیمان بگەڕێنەوە هێلانەکانیان؟
تەنها بۆ ئێوارەیەک بێخەم سەربنێیتەوە
یان دایکبوون قەهرێکە بێ باڵ؟
دۆزەخێکە بێ دەرگا؟

یان دایکبوون ژانێکە جاویدان؟
وەک نیشتیمان بزێو و بێئۆقرە
تۆ بڵێی سوبحێکی ئێجگار زوو
بەر لەوەی خوا وەئاگابێت
قاسیدی ئەڤینێک بێت و
ئەق تەق لە دەرگەی خەیاڵت بدات و
بڵێ فەرموو مامۆستا
پاداشتی میهر و
خەڵاتی ژان و
موڵکانەی ژنبوون
یان ئەو هەموو قەرزەت بەکەس نادرێتەوە؟

## چەفتەی ڕەشبینیی کۆڵی ژنێک

ئەی خانمە ژانگرتوەکەی وڵات
وەوە با پێکەوە پەنجەرەکان واڵا بکەین
دەرگاکان بخەینە سەر گازەرای پشت
نەکا نیشتیمان بەم نیوەشەوە
لەتەک بەفردا بباریت
نەکا بێت بێ خەیاڵیا و
بەخۆی و مەفرەزەیەک داربەڕووی شەهیدەوە بێنە میوانیمان
نەکا خولیای بیستنی چیرۆکی ژانێکت
بەرەو ئێرە سەری پێهەڵبگرێت

تۆ دەفەرموویت:
**ئاخر کوڕم عەیامێکە بەفرێکی خۆش دەبارێت**
**نابینیت پشتێنێک بەفر لە ئەرزایە؟**
**کوڕم ئاخر نیشتیمان کێی هەیە**
**ڕچەی بەفری سەفەری ناوادەی بۆ بشکێنێت؟**
**کێی هەیە بەفرمانی ڕۆحی تەزیوی بکات؟**

دایە با جێگەیەکی نەرم بۆ نیشتیمان ڕاخەین

که تەشریفی هێنا گەرم لەنێوانماندا دەیخەوێنین
تۆ بە گورگانە شەوێ خەو بڕژێنە چاوانمانەوە
پێدەچێت ئێستا نیشتیمان دەستی گۆنەکات!
تا گۆچانەکەی پێبگرێت
پێدەچێت ئێستا باڵەکانی هێند چەییبن!
دارشەقەکانی بۆ ڕاگیرنەکەن
لەوەیە ئێستا چاوە سەوزەکانی بە بەفرکەوتبن و
ڕێی ماڵی ئێمە دەرنەکات
دایە دەزانی نیشتیمانیش شێتی چەڵاوەکەی دەستی تۆیە؟
من ئاگرەکە بە نێڵە دەخەم
دڵم خەبەری داوە
ئێستا نیشتیمان لەسەرمان هەڵدەلەرزێت
شەقەی لێوی بەئاسمان دەگات
دەڵێیت هەڵبجەیە لە ساتی خنکاندا
دەڵێیت نەورەسە لە ساتی ئەنفالی باڵدا
تۆش چەفتەی وەنەوشەیی ڕەشبینیت لە کۆڵکەوە و چایەکی ڕەش دەمکە
ڕەش ڕەش هەر وەک بەختی خۆمان
هەنوکە نیشتیمان تالوکەی چایەکی خەست و
سیگارێکی درێژی قامیش و
حیکایەتی بەر ئاگردانە

تۆ زایەڵەی دەنگە تاساوەکەی نیشتیمان لە گەروتایە و
ئەوەندەی گووندێکی خاپوور تەنهاییت لێدەچۆڕێت
هەناسەت بۆی سمڵی خنکانی لێدێت و
دەفەرموویت:

**دەزانم چەند هەتیویت کوڕم**
**مەگەر خوا و نیشتیمان لە تۆ هەتیوتربن**
**بەڵام دەستت بکە سەرین**
**نیشتیمان زۆر لەوە کەساسترە ئەم شەو بگات**
**ڕۆڵە نیشتیمان هێند چەمیوەتەوە بڕی سەفەر ناکات**
**چاوانی هێند کزبوون بەم شەوی یەڵدایە ڕێ دەرناکات**
**ئەوەندە دەست بە ڕوویەوە نراوە**
**پێی شەرمە لە دەرگای هەموو کەس بدات**

**یادەوەری هێند کاڵبۆتەوە**
**ئێمەی لە بیر نەماوە**
**دواتر کوڕم نیشتیمان چ خۆشیەکی لێمان نەدیوە**
**تا بگەڕێتەوە لامان**
**ئەمشەو نیشتیمان هەزاران گۆڕی هەیە بۆ هەڵکەندن**
**هەزاران تەرمی بێناو بۆ ناونان**
**هەزاران برین بۆ تیمارکردن**
**نیشتیمان هەنوکە بەدەستێک باوەشێنی هەناسە خنکاوەکانی هەڵەبجە دەکات و**
**بەو دەستی دیش جەستەی ڕووتی ئەنفال دادەپۆشێت**

دایە با هیچ نەبێت کلاورۆژنەی ڕوانینمان
بەسەر ئاسماندا بکەینەوە
کێ نالێ هەنوکە نیشتیمان
ئەستێرەک نیە ئامادە بۆ کشان؟
کێ نالێ ئێستا نیشتیمان
لە دیدەی خۆردا نەخەوتوە؟
کێ نالێ ئێستاکێ نیشتیمان
موڵکانەی زەویەکانی خوای نەبردوە بۆ ئاسمان؟
ئاخر دایە ئەوێ ساڵێ کە بەهار هات
نیشتیمان بەدەم چەپککردنی نێرگزەوە بەڵێنی پێدام
کە هەموو هەرەسی بەفرێک سەردانی گۆڕستانەکانمان بکات
ئەهدی لەگەڵ کردم
کە وەرزی مەرگی هەموو ساڵێک
نانی پرسەمان لەگەڵ بخوات
سوێندی بۆ خواردم گەر عومر باقی بێت
کاتژمێر ژان بگاتە سەر ئازارمان و
پیاسەی سەرچناریمان لەگەڵ بکات
نیشتیمان فەرمووی: بێخەم بە کوڕم
کە هاتم هەتوانی زامی کۆترە پێکراوەکانی باخی گشتی دەکەین
ئەڤینێکی جوانەمەرگی گڵکەند بە چیمەنە لێو وشکەکان دەسپێرین
ڕووبارێکی تەڕ بە پردە تینووەکەی دەلال و
باوەشێک نوور بە باوەگوڕگوڕ دەبەخشین
کە هاتم تاجە نێرگسێک بۆ (دایک)ت دێنم
ئیدی سەراپای برینەکانی سارێژدەبن

دایە نیشتیمان بەخۆی وای گۆت
گفتی دامێ بەر لە کوورپبوونی پشتی وولات
باسکی شۆڕشە شکاوەکان لە گەچی سەرکەوتن بگرێت
ئەو شۆڕشانەی سەرۆک بەر لە هەلایسانیان ئاشبەتالی لێدەکات
زامی تابلۆ ناتەواوەکان بە مەرهەمی ڕەنگ تیماربکات
ئەو تابلۆیانەی لاسێکی نیگارکێش بە نیوەناچڵی جێیان دێڵێت و
ڕەدووی خەزاڵی خەونێک دەکەوێت کە بۆ مەلەش ڕووتنابێتەوە
نیشتیمان بە زۆڵفی لوولی سنەوبەر و بە گەردنی تەڕی کانی سوێندی بۆ خواردم
بەر لەوەی چۆلەکەیەکی (باوک)ە دڵی دەزگیرانە زەیستانەکەی بکات بە خرخاڵ
بێت و گۆرانی بخاتەوە زاری کەناریە لاڵەکان
بێت و حەرفەکانی ئەم شارە لە دەمی ڕیاکارەکان بسەنێتەوە
بە یەکەمین سێشەممەی ژان سوێندی خوارد
کازیوەی سێشەممەیەک بێت و خۆر بداتەوە لە تەوێڵی سەیوان
ڕەشەبا بداتەوە بە بێدەنگی سلێمانی و پێکەنین بە لێوی هەڵەبجەی خنکاو

## نیشتیمان کە نایەت

ئەفسوس نیشتیمان نایەت و منیش جێتدێلم
ئیتر لە هەرەوەزی گریانتدا من داسێکی کوول نابم
ئیتر چێشتەنگاوێک، نیوەڕۆژەیەک بە پەڵپینەیەکی تفت دەستم نابڕیت
ئیتر غەریبێک لە دەرگا نادات و من ببمە هاوڕێی سەربوردە سەیر و سەمەرەکانی
ئیتر من شەوانە لە چاوەڕوانی دابەزینی مەفرەزەیەک پێشمەرگەدا ئێشک ناگرم و
گوێ قولاغی شریخەی شەوی پێشمەرگە نابم، (چما پێشمەرگە ماوە؟)
تۆش شەوانە چێشت بۆ میوانی ناوەخت هەڵناگریت
ئێتر من شەوانە درەنگ لە بەرەلایی ناگەڕێمەوە و
تۆش دڵ لەسەر دەست چاوەڕوانم نابیت
ئیتر من ڕیتمی بالۆرەیەکت بۆ مەرگی ناوادەی شۆڕش
بە پێکەنینە ناقۆلاکانم ناشێوێنم
ئیتر من گاڵتە بە ژێرچەنە و سەروکلاوەکەت ناکەم و
تۆش چیتر پێت سەیر نابێت کە من چییت لە کودەری جوداناکەمەوە
ئیتر من لەوێ نابم کۆڵنجی ژەهرە ژانێکت بشێلم و

دان بۆ کۆتری گریانێکی جاویدانت ڕۆبکەم
ئیتر من لەوێ نابم

ن
ا
ب
م

## پێداویستیەکانی چاوەڕوانی

**بڕیارم دابوو وەک تۆ سەدەیەک چاوەڕوانی نیستیمانێک نەکەم کە نایەت، بەڵام چاوەڕوانی چارەنووسمە. وەلێ من ساڵانێک بێ توێشوو چاوەڕانیم پێناکرێت.**

بەبێ ڕەنگێک تایبەت بە خۆم
بەبێ ئاوێنەیەک ڕوخساری خۆمی لە سیمای نیشتیمان پێ جیابکەمەوە
هەناسەیەک تا خۆم لە خنکانەکانی نیشتیمان بێبەریبکەم
بەبێ —با-یەک هەڵکاتە بێدەنگیمەوە
بارانێک بەسەر کێڵگەی غەمەکانما ڕەهێڵە بکات
زریانێک لە پووش و پەڵاشی زەمەنە دێمەکان پاکمبکاتەوە
سەنتورێک حوزنەکانمی لەسەر بژەنم و
دەفێک سینەی تژی بکەم لە تووڕەبوونم
بەبێ (چیم)ی غونچە و باخچە چیم پێناکرێت
گوڵیشیم پێبدەیت بێ شەونم وشکانیی دەمکوژێت

خانمە ژانگرتوەکەی ووڵات گەر باری شانت گرانتر ناکەم!
عەشقێکم بەرێ پەمەیی، کیژێک لە گوڵەباغ پەمەییتر و
لە کازیوە میهرەبانتر
کچێک قوماشی پێکەنینی لە مەخمەڵی گریانەکانی خۆت نەبێت
هەنسک و قاقاکانی لە هەمان سینەوە سەرچاوە نەگرن و
نەڕژێنەوە هەمان دەریا
کەنیشکێکم بەرێ دەنگەژێی کەناری و باڵی نەورەسی پێبێت
(کیژەک پەپولەک بێتن لەو گۆڕەی).

ژنێکم بەرێ بە مەمکێک شیر و هەنگوینم بداتێ و
بەوی دی چێژ و ژەهر
ژنێک فرمێسکەکانی لە یاقووتی دەریا نەدۆزراوەکان و
تڤەکانی کە لێم دەکات لە شەونمی ئاسمانە ئەفسانەیەکان بن

ژنێک نیشتیمانێکی نەبێت
وەک نیشتیمانە کۆڵ بە کۆڵەکەی لەمەڕ خۆمان
گەر وەک نیشتیمان باڵی ڕەنگە یاخیەکانی کردم
هیچ نەبێت سینەیم بۆ بکاتە پیانۆ و چاوانی بە مۆزەخانە
گەر وەک باپیرم عەقڵی کۆشتم
هیچ نەبێت خانۆچکەی چێژم خاپوور نەکات

ژنێک وەک سەرۆک مانای خیانەت نەزانێت و فایل لە دۆسیە جیانەکاتەوە!
بە ڕێکەوتیش بەلای ساباتی ڕیاکاراندا تێپەڕنەبووبێت
پیانۆی بۆ سەرکردە داوێن پیسەکان نەژەنیبێت و
شەوی لە ژووری نووستنی میرەکاندا ڕۆژ نەکردبێتەوە
ژنێکم بەرێ دەستی زللەم لە مەچەکمدا بکات بە خرخاڵ و
زمانی جنێوم لە زارمدا بە سیپاڵ
بە تریفەی بەیان سارێژی زامی ڕۆحم بکات
بە بۆنی گوێزی سینەی ئۆقرەم لەبەر هەڵگرێت و
عەودالّی دۆزینەوەی نیشتیمان و دارگوێزەکانیم بکات
بە بادەی شەرابێکی سوور مەستم بکات
کە ڕیی نەکەوتۆتە مەیخانەی کوشتار وخوین
ژنێک کە توورە بوو بە پەڕەی گوڵ گولْکاریم بکات و
لە زیندانی جەستەیدا تووند بەخۆیەوە کلۆمم بدات

خۆ داوای زۆرم نەکردوە: بەتەنها ژنێک!
چنگێکی پڕ بێت لە  ئازادی تا ئازادانە لە دوی نیشتیمان بگەڕێم و
مشتێکی تەڕ بە ئاونگ تا غوسلی گوناهەکانمی پێ دەربکەم
بمدەرێ ژنێک و عەشقێک و ئامێزێک پڕ لە ماچ

# وەڕسبوونی ژنێک لە چاوەڕوانی

**چاوم لێیە لە ژێر لێوەوە گاڵتەت بە کاڵفامیم دێت و لە ناخەوەڕا گریانت دێت بۆ بەدبەختیم، تۆ دەڵێت گەر نیشتیمان نەگەڕێتەوە کۆلیتە وێرانەکەی خۆی هیچمان پێناکرێت هەر هیچ. گوێم لێیە هاوار دەکەیت:**

**هەستە! لە چاوەڕوانی نیشتیماندا (تاریکیت وا لەسەر کەوت)***

ئای چەند قەستمە بتخنکێنم نیشتیمان
گەر ژان لێگەڕابا دەستم دەنایە بینەقاقات و
جۆگەلەی پێکەنین و زەریای گریانتم دەڕژاندە سیلەی چاوەروانیمەوە
سێوەنگ** بوونی تۆم بە سەفەر
وەک سێوی بەردەم چەقۆی تووڕەبونێک کە هەڵناکات
وەک چاوی قرژاڵ ڕووت دەکردەوە

چەند قەستمە وەک خۆم بتژاکێنم نیشتیمان
من سەدەیەک چاوەروانی گوڵێکتم کێشا
تۆی گێژەڵوکەی بێشوناس باخچەم خاپوور دەکەیت
من کوڵ بە کوڵی دوای عەشقی ئەفسانەیی تۆم و
تۆی موسافیری بیدار هەر ڕۆژەی خەونێکم بێوەژن دەخەیت
من کرێکاری باڵەخانەکانت و جوتیاری ڕەزەکانتم
کەچی تۆ ڕۆژی حەسارێکم دەڕمێنیت و وەرزی ڕەزێکم دەسوتێنیت
نیشتیمان ئەی بەدمەستترین بادەنۆش
من ساقی مەیخانەی شەوانتم و تۆ شەو نیە کوپەی شەرابی
مەستبونێکم نەڕێژیت
نیشتیمان ئەی پیاوێک لە تەم و ژنێک لە ئاونگ
من بڕیاری خۆمم دا کە تۆ نایەیت چیدی چاو لە ڕێت نابم!!

---

* **(هەستە ....تاریکیت وا لەسەر کەوت)، لە دێڕە شیعرێکی مەحوی وەرگیراوە کە دەڵێت:**
**(وەنەوزێکم شەوێ دا گەییە سەرم و**
**وتی: هەستە، هەتاوت وا لەسەر کەوت).**

****سێوەنگ: پەیوەست**

من دەزانم تۆ کە هاتیت دەمکوژیت نیشتیمان
چاک دەزانم تۆ بە لێوەکانی خۆت
ڕۆحم وەک سیگارێکی تەماوی دەکێشیت
لەنێو قاقاکانتا تێکەڵ بە هەڵمی ساردی هەناسەت دەبم و دەمرم
تۆ دەمکوژیت کەسی دی نا تۆ نیشتیمان

نیشتیمان کە تۆ هەر دەمکوژیت
ڕێگەم بدە مەرگێکی شین بمرم
مەهێڵە وەک دیلی شەڕی براکوژی گولەباران بکرێم
لێمگەڕێ بەدەستی خۆم بۆینباخی ملی مەرگی خۆم ببەستم
بەدەستی باخچەم چڵە ڕێحانەیەک لە سینەی مەرگم بدەم
مۆڵەتم بدە ڕەنگی مردنم هەڵبژێرم و
عەتر لە هەناسەی گیانەڵای خۆم بدەم
کاتم پێبدە تەعزێنامە بۆ خۆم بنوسم و شیعرێ بەباڵای مەرگما هەڵبلێم
گۆڕێ بۆخۆم هەڵکەنم بە پێوانەی باڵای تۆ

تۆ دەمکوژیت کەسی دی نا
ت
ۆ

زستانی 2004
**OXFORD, ENGLAND**